هێلین

HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

# پەروەردەی دایکانی کورد، فاکتەری مانەوە و بەردەوامی

د.ڤیان سلێمان

بەدرێژایی مێژوو؛ گەلی کوردستان ڕووبەڕووی ستەم و دوژمنکاری داگیرکەران بووەتەوە، تەنانەت هەرچی توندوتیژی و هەوڵی لەناوبردن و قڕکردن و ژەهرڕشتن بە سامناکترین چەکەکانی وێرانکاری و لەناوبردن هەیە لەسەر ئەم گەلەدا تاقی کراوەتەوە و لە دونیادا نەتەوەیەک نییە زیاتر لە کورد قوربانی بۆ ئازادی دابێت، لەهەمانکاتیش ڕەنگە نەتەوەیەکی دیکە نەبێت هاوشێوە و لە ئاستی کورد دوژمنکاری بەرامبەری کرابێت، بەڵام خۆڕاگر بێت و پارێزگاری لە جوگرافیا و کولتور و شوناسی خۆی کردبێت.

یەکێک یا خود ئامرازێکی دیکەی داگیرکاری وێڕای لەشکرکێشی و کوشتن و بڕین،کە دوژمنانی کورد ویستوویانە لە ڕێگەیەوە داگیرکارییەکەیان تەواو بکەن و ئەم نەتەوەیە بە تەواوی بسڕنەوە، هەوڵدان بووە بۆ لاوازکردنی ئینتیمای نەتەوەیی وچەواشەکردنی مێژوو و سەروەری و پیرۆزییەکانی ئەم گەلە تێکۆشەرە لە هزری ڕۆڵەکانیدا، بەڵام وەک دەبینین سەرەڕای هەوڵی زۆر و زەوەندی دوژمن و سەرەڕای بەکارهێنانی چەندین ڕێگە و میکانیزم، داگیرکەر و نەیارانی پرسی ڕەوای نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان، نەیانتوانیوە ئەو هەستە لە هزر و دەروونی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم گەلەدا بسڕنەوە، بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم یەکێک لە فاکتەرە هەرە سەرەکییەکانی مانەوە و گەشەسەندنی ئەم هەست و هۆشیارییە نەتەوەییە، ڕۆڵی ئافرەتی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی پەروەردەی دایکانی کوردستانە.

ئافرەتی کورد بە درێژایی مێژوو، پێچەوانەی ئافرەتانی هەموو نەتەوەکانی دەوروپشتی؛ هاوشانی پیاو پارێزەری خاک بووە نەک وەک خاک، پارێزراو، ئەم تایبەتمەندییە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە شوناس و پێناسەی ئافرەتی کورد لە ناو کەلتوری ڕەسەنی کورد، لەدەرەوەی ڕەگەز وجەستەیەتی. هەر ئەمەش ئەو پێگە و بەها باڵایەی پێ بەخشی بووە تا پێش سەردەمانی داگیرکاری فارس و عەرەب. سەرەڕای کاریگەری کەلتوری بە زۆر چەسپێنراوی نەتەوە داگیرکەران لە زۆر بواری ژیانی تاکی کورد و بەتایبەتی گۆڕینی شوناسی ئافرەت و بەرتەسکردنی ئازادییەکانی و لە چوارچێوەدانی ڕۆلی وەک مرۆڤێکی ئازاد و خاوەن بڕیار؛ بەڵام نەیتوانی ڕوحی بەرگیری و ڕۆلی پارێزەری لە ئافرەتی کورد بستێنێت. بۆیە ئافرەت بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد بووە، ئەی ئەوە نییە کە یەکەم ئافرەت لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر پرسی نەتەوەیی و چالاکی سیاسی، دوژمن لە سێدارەی دابێت، لەیلا قاسمی کورد بووە!. هەروەها چەندین نموونەی دیکەش هەن کە دەیسەلمێنن ئافرەتی کورد چ ڕۆڵێکی مەزنی لە شۆڕش و بەرخودان و خەباتی نهێنی سیاسی هەبووە. لێرەدا ئەگەر باس لە ڕۆڵی دایکانی بارزانی لە دوای پرۆسەی ئەنفالی بارزانییەکان بکەین، کە وێڕای ئەوەی بەوپەڕی ڕەنج و تێکۆشان توانییان خێزانەکانیان بەڕێوەببەن، لە هەمانکات بوون بە مامۆستا و پەروەردەکاری مرۆڤدۆست و نیشتمانپەروەر و سەرکەوتوو بۆ ڕۆڵەکانیان، دەتوانین ڕۆڵی بەرجەستەی ئافرەتی کورد نیشان بدەین و وەک سیمبولی وەرچەرخانی ڕۆڵی ئافرەت نەک هەر بۆ کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستێکی فراوانتر وێنایان بکەین.

هەر لە وەسفی ئەم ڕۆڵەی ئافرەتانی کوردستاندا، پێشڕەو و ڕابەری نەتەوەییمان (سەرۆک بارزانی) لە دیدار و وتارەکانیدا دایکێکی کوردی بە مەسەلی ئەعلای خۆی زانیوە. دایکێک کە سێ ڕۆڵەی شەهید بوون، هێشتاش ئامادەبووە ڕۆڵەکانی دیکەی قوربانی کوردستان بکات.

نموونەی ئەو دایکە و دواتریش دایکە عایشە و لەم ڕۆژانە و لە کاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەرگەڕان و قەرەچوغ و شەهیدبوونی سێ ڕۆڵەی یەک خێزان، دایکێکی میهرەبان بەوپەڕی ورە و خۆڕاگری و لە گەرمەی جەرگ سووتان و کۆستی ڕۆڵەکانیدا دەیگوت؛ سێ کوڕی دیکەم هەیە ئەوانیش و خۆشم قوربانی کوردستان و (بارزانی سەرۆک) بین.

نموونەی ئەم دایکە هێژایە و دایکانی کورد بە شێوەیەکی گشتی کە سەرەڕای ڕەنجکێشی و سەختییەکانی ژیان، ڕۆڵەکانیان بە پاکترین هەستی خۆشەویستی بۆ نیشتمان و بە بەرزترین ئاستی هۆشیاری لە سۆنگەی پیرۆزی خاک و گرنگی ئازادی پەروەردە دەکەن و باردەهێنن، هۆکاری سەرەکی مانەوە و بەپێوەوەستانی نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستانە، سەرەڕای ناهەمواری و دڕندەیی دوژمن و زۆری پیلانگێڕی و مەترسییەکان. ئەوە مەزنی و بەهێزی و توانست و هۆشیاری دایکە کە دەگوازرێتەوە بۆ ڕۆڵەکانی و لەواندا خۆی بەرجەستە دەکات.

> سەری ڕێز دادەنوێنم لە ئاست ئەو دایکە میهرەبانەی ناوچەی سەرگەڕان و قەرەچوغ کە سەرەڕای ئەوەی سەختییەکانی ژیان ماندووی کردووە و مەرگی پڕ لە ناسۆری ڕۆڵەکانی هەناوی سوتاندووە لەم کاتەدا کە تەواوی جیهان دروشمی دژە توندوتیژی بەرزکردوە

سەری ڕێز دادەنوێنم لە ئاست ئەو دایکە میهرەبانەی ناوچەی سەرگەڕان و قەرەچوغ کە سەرەڕای ئەوەی سەختییەکانی ژیان ماندووی کردووە و مەرگی پڕ لە ناسۆری ڕۆڵەکانی هەناوی سوتاندووە لەم کاتەدا کە تەواوی جیهان دروشمی دژە توندوتیژی بەرزکردوە بەڵام ئەو لە ناو ماڵ وخاکی خۆی دا بەرەوڕووی گەورەترین توندوتیژی دەبێت و لەبەرچاوی سێ لە جەگەرگۆشەکانی غەڵتانی خوێن دەبن؛ بەڵام هێشتا بەوپەڕی هێز و شکۆوە خۆی و ڕۆڵەکانی دیکەشی قوربانی کوردستان دەکات و شانازی بە شەهادەتی ڕۆڵەکانی و بەرگرییان لە کوردستان دەکات. ئەمەیە وێنە و کەسایەتییە ڕاست و لێوەشاوەکەی ئافرەتی کورد و نیشتیمانی یەکەمی منداڵانی کوردستان. درود بۆ هەموو دایکانی شەهیدانی کوردستان و ڕۆحی شەهیدەکان شاد.

# خۆکوشتنی ئافرەت وەك دیاردەیەکی ترسناك

بێریڤان حمید قادر

لەماوەی یەک هەفتەدا لە سلێمانی دوو کچ خۆیان کوشتووە و لە هەولێریش ژنێک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە کوژراوە!

ئەمانە سەرتۆپی ئەو هەواڵانەن کە لەبارەی توندوتیژی بەرانبەر ئافرەتانەوە بڵاودەکرێنەوە و پێمان دەگەن، لەکاتێکدا ئێستا جیهان و هەرێمی کوردستان لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدان کە ماوەکەی ١٦ ڕۆژە و تیایدا چەندین چالاکی ئەنجام دەدرێت.

بێگومان ئامار و ڕوخسارەکانی توندوتیژی تەنها ئەوانە نین کە بڵاودەکرێنەوە، بەڵکو ئەوە لایەنی هەرەکەمی ڕوداوەکانە و زۆرێکی تر هەن ناگەنە ڕاگەیاندن و دەزگا بەرپرسەکان!

لێرەدا پێویستە هەڵوێستەی جدی لە بارەی ئەو شەپۆلە ترسناکەی توندوتیژی بکرێت کە وەک پەتا لە کوردستان ڕوو لەهەڵکشانە و ناوەناوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە توشی شۆکمان دەکات.

خۆکوشتنەکانی کچان و ژنانیش ڕویەکی ترسناکتری توندوتیژی بەرانبەر ئافرەتانە، ترسناکی ئەم شێوازە لەوەدا دەردەکەوێت کە هۆکارە ڕاستەقینە وسەرەکیەکەی پشت خۆکوشتنە ئەمە دیارنیە و ناتوانرێت بەڕوونی بزانرێت!

بەشێکی زۆری ئەو کەیسانەی خۆکوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن لەلایەن ئافرەتانەوە هۆکارەکەی پێشێلکاریەکی بەردەوام و چەند بارەبووەوەی مافەکانیانە بەبێ ئەوەی دەرچەیەک بدۆزنەوە بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخەیان، دڵڕەقی کۆمەڵگە و چەقبەستوویی کلتورەکەی ئەوەندە توندە بەرانبەر ئافرەتی توندوتیژی بەرانبەرکراو ئامادەنیە گوێ لە گرفت وناسۆریەکانی بگرێت و ناچاری دەکات بەمردن کۆتایی بەدۆخی نالەباری خۆی بهێنێت.

هەندێ جاریش ئەو ئافرەتانەی دەکەونە دۆخی ناهەمواری توندوتیژییەوە و دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێت بگەنە لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەدەمەوەچوونەکان وەک پێویست نابن بۆیان و دووچاری جۆرێک لە فەرامۆشی دەبنەوە، کە بەداخەوە ئەمە وادەکات متمانەی ئافرەت بە دەزگا و ڕێکخراوەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی زۆر کەم ببێتەوە، بەشێوەیەکی وەها کە مانەوە لەسایەی توندوتیژییان لاباشترە لەوەی بچنە ئەوێ.

خۆکوژییەکانی ئافرەتان ڕوویەکی زەقی پەراوێزی ئافرەتانە لەو خێزانانەدا، بەجۆرێک ئافرەت ڕووبەڕووی فشار دەکرێتەوە و تەنگوچەڵەمەی بۆ دەخولقێنرێت کە ژیانی لا بێ بەهایە و دەیەوێ زووتر لێی ڕزگار ببێت، بەپێی هەندێک ئامار ژمارەی ڕەو ئافرەتانەی پەنا دەبەنە بەر دەزگاکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و شێڵتەرەکان و دواتر کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکرێت و دەگەڕێنرێنەوە ناو خێزانەکانیان، ژیان بەکوشتن یان خۆکوشتن کۆتایی دێت! لەوەیش کارەساتبارتر ئەوەیە کە تاوانبارە سەرەکییەکانی پشت خۆکوشتنی ئافرەت بەنادیاری دەمێننەوە لە زۆرێک لەو حاڵەتانەیشی کە تا وانباران دەدۆزرێنەوە و ئاشکرا دەبن یان لە سزا قوتاردەبن یان بەسزایەکی سوک دەردەچن، تەنانەت حاڵەتی وەها هەیە تاوانبار دوای دەرچوونی لە زیندان وتەواوکردنی سزاکەی جارێکی تر تاوانی بەرانبەر ئافرەتێکی تر ئەنجامداوەتەوە!

لێرەوە پێویستە بەشێوەیەکی هەماهەنگ کار و هەوڵێکی هاوبەش بێتە کایە لەنێوان گشت لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری توندوتیژی خێزانی (حکومەت، ڕێکخراوەکان، ڕاگەیاندن، زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکان) لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەو گرفتە گەورەیەی کۆمەڵگە کە کوشتن و خۆکوشتنی ئافرەتان

> بێگومان ئامار و ڕوخسارەکانی توندوتیژی تەنها ئەوانە نین کە بڵاودەکرێنەوە، بەڵکو ئەوە لایەنی هەرەکەمی ڕوداوەکانە و زۆرێکی تر هەن ناگەنە ڕاگەیاندن و دەزگا بەرپرسەکان!

و ڕەهەندەکانی تری توندوتیژییە، بەو ئامانجەی هۆکار و پاڵنەرەکان بەڕوونی و ڕاشکاوی دەستیشان بکرێن و هەنگاوی کردەیی بۆ بنێرت، لەپێش هەموویانەوە چارەسەرکردنی دیاردەی چەکی بێ مۆڵەت و ئەوچەکانەی لەماڵەکاندا هەیە، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی چەک بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها بەدواچونێکی هەمیشەیی و ورد هەبێت لەپێناو زانینی ڕادەی گونجاوی وباشی دەرەنجامەکان.

# رەوشەنبیریا خێزانی ئەرکێ هەموو سازیانە

## ریژین نهێلی

خێزان ئێک ژ جهێن ئارامگەهە و ڤیان و ژیانکرنەکا بێ مەترسی و ئێکگرتیە و نێزیکترین روحن بهەڤرا گرێدایی ژبو ژیانکرنکرنێ . ئەڤجا ژ زەلامی بو ژنی و ژ ژنێ بو زەلامی و ژ هەردوویان بەرەف زاروویان.

لێ ئەڤ روحیەتە دێ چاوا یا تەمام و ساخلەم بیت ئەگەر وەک پێتڤی دئاستەکێ رەوشەنبیری دا نەبن دناڤ وێ کومەلگەها ئەو لێ دژین ؟

بێ گومان ل ڤێرێ بەرپرساتیا ئێکێ ژبو هەڤژینان دزڤریت و یادوێ ژبو رێڤەبەری و رێکخراوێن جڤاکێ مەدەنی و پەیامێن لسەر مینبەرێن راگەهاندن و زانایێن ئایینی و پەروەردەیی دمینیت .

ژلایەکێ دی پێتڤی یە د هەر پرس و بابەتەکێ دا ب مێیانە سەرەدەریێ دگەل بابەتان نەهێتەکرن و تەنها رەگەزەکێ دەست نیشانکری ل وان روینشتن و خول و سمینارا نەبیت. دا بشێن بگەهنە ئەنجامەکێ باش .

ژبەرکۆ هەر توندو تیژیەکا دروست دبیت ژن و زەلام و زارووک قوربانیێ بو ددەن، دبیت زووربەیا جاران دجڤاکێ مەدا قوربانیا هەرە زوور بەر ب ئافرەتێ بکەڤیت ئەوژی ژ ئەنجامی نەتێگەهشتنەکا دروست و نە رەوشەنبیرکرنا مە لسەر مافان وەک مرووڤ .

ژبەر ڤێ ژی هەردەم دێ بێژین د ژیانێ دا مروڤبون بەری هەرتشتی دهێت، ئەگەر مە بنەماییێن رەفتارکرنا دروست بو سەرەدەریا مروڤی بجهئینان ل وی دەمی دێ زانین کا توندوتیژی ل کیڤە و پتر دگەل کیش رەگەزی هەیە و ل رێکێن چارەسەریا دروست بینین و چارەکەین . چونکە ئەگەر مە بەس بەحس ل توندو تیژیا ل دژی ئافرەتێ ژی کر واتا ئەو توندوتیژی یا بەرامبەر کومەلگەهەکێ و مروڤی و جیهانێ بگشتی یا دهێتەکرن ئەم پشتگوە دئێخین. ئەڤجا ژ ب ئێشانا جەستەیی بیت یان ب شێوازێن نەخوەشیێن دەروونی دیاریبیت .

لەوما پێتڤی یە دگەل ئەڤ پشتەڤانیا لڤی سەردەمی ژلایێ حکومەت و سازیێن وێ و رێکخراوێن مەدەنی ل پرس و مافێ ئافرەتێ ب تایبەت و خێزانێ بگشتی دهێتەکرن پتر لێبهێت و ب سیستەمەکێ ئاشتی خواز بو بدەستڤەئینانا مروڤەکێ ساخلەم دژی توندوتیژیێ پتر خوە ماندی بکەین.

# چەمکی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان

## مەرزیە خالید

توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە مانای هەرجۆرە زەبرو کاردانەوەیەکی جەستەیی،زارەکی، دەرونی، سێکسی و هەروەها مەعنەوی دێت کەلەلایەن کەسێکەوە بەرامبەر بە ئافرەت ئەنجام دەدرێت، سەرەنجام دەبێتە هۆکارێک بۆ ئازارگەیاندن بە ئافرەت و لە ژێر هەرناونیشانێکدا بێت.

ئافرەت کێیە ؟ واتا مرۆڤ،دایک، هاوڕێ، هاوژین،هەروەها دیوەکەی تری بەردەوام بونی ژیانی مرۆڤایەتیە بە شێوازە دروستەکەی توندوتیژی هەڵگری پێناسەی جیاوازە خۆی لە چەندین کاری جیاوازدا دەبینێتەوە کە لەلایەن کۆمەڵگاو خێزانەوە بەرامبەر ژنان ئەنجام دەدرێت، بەڵام دیارترین پێناسەی توندوتیژی بریتیە لە، هەرکردەوەیەک ببێتە هۆی ئازاردانی جەستەیی یاخود دەرونی ژنان دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژی. بە درێژایی مێژوو لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا ژنان بە شێوازی جیاجیا ڕوبەڕوی توندوتیژی بونەتەوە لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەوە لەوانە ( ئازاردانی جەستەیی،دەستدرێژی سێکسی، بەزۆر بە شودان، هاوسەرگیری پێشوەخت،خەتەنەکردنی کچان، بازرگانیکردن بە کچان و ژنانەوە هتد.)

ئەو وڵاتانەی زۆرترین توندوتیژی دژ بە ژنان تێدا یەنجام دەدرێت لە سالی ٢٠١٦دا رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ریزبەندی ئەو وڵاتانەیان بڵاوکردەوە کە زۆرترین توندوتیژیان تێدا ئەنجام دەدرێت کە بریتین لە:

ئەفغانستان :وڵاتی ئەفغانستان ریزبەندی یەکەمی لە لیستی ئەو وڵاتانەدا گرتوە کە زۆرترین توندوتیژی دژی ژنان تێدا ئەنجام دەدرێت،

کۆلۆمبیا: لە وڵاتی کۆلۆمبیا شەش رۆژ جارێک ژنێک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە دەکوژرێت.

عێراق : وڵاتی عێراق بەهۆی ناجێگیری باری ئەمنی و خراپی دۆخی سیاسی یەکێکە لە ریزبەندی ئەو وڵاتانەی توندوتیژئ دژی ژنان تێدا ئەنجامدەدرێت، لەو وڵاتەدا هاوسەرگیری پێشوەخت،هاوسەرگیری بە زۆر و بازرگانی کردن بە کچان و ژنان رێژەیەکی بەرز تۆماردەکرێت.

لیبیا: ژنان لە وڵاتی لیبیادا روبەروی ئازاردان دەبنەوە لە ناو خێزاندا لە ٢٠٪ی ژنان و کچان رووبەرووی دەستدرێژی دەبنەوە لە ٥٪ روبەروی ناچار بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەکرێن.هەروەها وڵاتانی (مالی،میانمار، سۆمال،باشوری سودان،هەرێمی دارفور،سوریا و یەمەن)لە ریزبەندی ئەو وڵاتانەدان کە زۆرترین رێژەی توندەتیژیان تێدا ئەنجام دەدرێت .

# ل دەمێ رێزگرتن و ل ئێك تێنەگەهشتن نەما توندوتیژی پەیدا دبت

**توندوتیژی ئێک ژ دیاردێن بەرچاڤێن د ناڤ کومەلگەهێ دا و سالانە رێکخراوێن جیهانا ئامارێن توندوتیژیێ ل جیهانێ بەلاڤ دکەن، چ توندوتیژیا جەستەیی بیت یان دەرونی بیت یان دەرونی بیت و ل هەرێما کوردستانێ ژی سالانە ئەگەر و ئامارێن توندوتیژیێ بەلاڤ دکەن.**

ژ ئالیێ خو ڤە پارێزەر مژدە نورەدین دیار کر کو ئەگەر ئەون کو پێکئینانا خێزانێ ل سەر بنیاتەکێ خەلەت بیت و ب رێیا تورێن جڤاکی و بێ ڕازەمەندیا خێزانێ، رێژە رۆژ بۆ رۆژێ بەرەف زێدەبوونێ یە بەهراپتر گەنج و ئافرەتێن نەپێگەهشتی نە، جورێ جەستەیی و ئاخفتنێن نەشرین و لڤینێن جوراوجور و گۆت: هەتا نوکە چ رێکخراوان رولێ خوە دروست نەدیتیە ل سەر بابەتێ لێکتێگەهشتنا هەر دو لایا بۆ چارەسەریا ئاریشا و چ لایەک خوە بۆ لایێ دی کێم ناکەت کو بگەهنە ئەنجامەکێ باش و یاسا ژی نەشیایە کێم کەت.

مژدێ گۆت: هەر دەمێ ئەندامێن خێزانێ تێگەهشتن و رێزگرتن هەبیت بەرامبەر هەڤدو و هەر ئێک سنوورێن خوە بزانیت و ب ئەرکێ خۆ یێ دروست رابیت دناڤ خێزانێ دا، پێدڤی ب چ راستڤەکرنان نینە، بەلێ دڤێت کار بهێتەکرن چەوا ئاستێ رەوشەنبیریا خێزانێ بهێتە بلندکرن و توندوتیژی دناڤ خێزانێ دا نەهێتە بکارئینان.

ئەگەرێ، توندو تیژیێ ڤەدگەرنە هندەک خالێن سەرەکی ئەو ژی جڤاکێ مە یێ بابا سالاری یە و توندو تیژی یا بوویە نەرێتەک و هەر ژ کەڤندا یا هەی و ئەگەر ژی عەشیرەتگەری یە .

رێژا بەردانێ بەرەف کێم بوونێ یە چونکی جڤاکێ کوردی تازە بەرەڤ قوناغێن پێشکەفتی چوویە چونکی رەوشەنبیریا جڤاکی بەرەڤ ئاستەکێ باش چوویە و ئەم کەفتینە دقوناغێن باشتر یێن ژیانێ دا.

سەبارەت خالا دی ئەگەرێن توندو تیژیێ تا رادەیەکی دی کو ئەم دشێ، بێژن ژلایەکێ دیڤە زێدە بوویە ئەو ژی توندو تیژیا دەروونی پتر لێ هاتیە و نەخاسمە ناڤا خێزانا و دناڤبەرا ئەندامێن خێزانێ دا کو شەرێ دەروونی دگەل ئێک ئەنجامدەن.

سەبارەت تودو تیژیا دناڤ جڤاکێ مە و وەلاتێن دەوروبەر جوداهی نینە چونکی هەر مرۆڤن و دکرنا توندو تیژیێ و جڤاکی دا وەکو قوتان و لێدان و خوش کوشتن و دیشا کوشتنا ژنان ژی ل هەمی وەلاتان وەکو هەڤە و ئەڤە ڤەدگەریتە خالا سەرەکی کو ژن پتریا جاران ژن نەشێت بەرەڤانیێ ژ خوە بکەت. ل هەرێما کوردستانێ تارادەیەکێ باش بەرەڤ ئاستەکێ باش چوویە بو کێم کرنا توندو تیژیا دژی خێزانێ و نەخاسمە یا دژی ئافرەتێ، ژبەر هندێ پلانێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ رێک و شێوازێن تایبەت ئەنجام داینە ژبو چارەسەرکرنا بابەتێ توندو تیژیێ و ئەڤە ب تایبەت دڤان سالێن دوماهیێ کو ئەم دشێن بێژین رێڤەبەرییا بەرهنگاربوونا توندو تیژیا دژی ئافرەتێ یێن شیایین ببنە پارێزە بو مافێن مرۆڤی و خێزانی و ئەڤە مە دلخوش و ئارام دکەت ژبو پاراستنا رەگەزێ مێ.

پارێزەر مژدە نورەدین

**شیما مستەفا**

# ئافرەتا کورد وتوندوتیژی

دلڤین خەلەف

ئەگەر وچارەسەریێن توندوتیژیێ ل دژی ئافرەتێ ل ناڤ کۆمەلکەها کوردستانی دە ب گشتی:

١. نەبوونا پەیوەندییێن جڤاکی وژێک دووربوونا خێزانێ ئێک ژئەگەرێن سەرەکیە دناڤ هەر کۆمەلگەهەکێ دە وئەڤ چەندە ژی توندوتیژیێ دناڤبەرا خیزانێ بگشتی دە پەیدادکەت وبتایبەت دناڤبەرا زەلامی وهەڤژینا وی دە وکێشەییێن مەزن ژێ دروست دبن وگەلەک نمونە لسەر ڤێ چەندێ هەنە دێ هەول دەین دئەڤان خالێن لخوارێ دیار بێخینە بەرچاڤ:

ا- هەبوونا کێشە وئاریشەیان دناڤبەرا هەر خێزانەکێ دە دووربوونەکێ ددەتە ئافرەتێ ژ خیزانی و دبیتە ئەگەرێ ژێک نەتێگەهشتنا ئافرەتێ دگەل زەلامی وبڤی رەنگی هزرێن ئازردانێ خوەرت دبن وتوندوتیژی ل دژی وێ دهێتە بکارئینان.

ب- خرابیا رەوشا ئابووری و نەبوونا داهاتیەکی باش بۆ خۆشکرنا ژیارا خیزانێ دبیتە ئەگەرێ دروستبوونا ناکوکیان دناڤبەرا ژنێ وزەلامی دە وهەروسا دبیتە ئەگەرەکی خوەرت بۆ دروستبوونا توندوتیژیێ ل دژی ئافرەتێ.

ج- نەخوندەواری ونەزانەبوونا دناڤ هەر جڤاکەکی دە دبتە ئەگەرێ هەبوونا ئاریشێن بێ سنوور وئاستەنگی دکەڤنە د پێشیا بەختەوەریا ژیانا ژنێ وزەلامی دە وتوندوتیژیا ل دژی ئافرەتێ ژی ژڤێ چەندێ پەیدادبێ.

د- زالبوونا دابونەریتێن کەڤنار وبابەتێن ئاینی یێن بەرتەنگ کارتێکرنەکا مەزن لسەر رەوشا ئاسایا جڤاکێن پاشڤەمایی دکەت وئاریشێن کۆمەلایەتی ژێ دروست دبن ودبنە ئەگەرێ توندوتیژیا ل دژی ئافرەتێ.

٢. دانوستاندن وسەرەدەریا هەر کۆمەلگەهەکێ ب رەنگەکی جیاواز ونەگونجای دگەل رەوشا ئافرەتێ دبیتە ئەگەرێ توندوتیژیێ ل دژی ئافرەتێن وێ جڤاکێ وگەلەک نمونە لسەر ڤێ چەندێ ژی هەنە وەکو ئەڤێن ل خوارێ دیار.

ا- رەوشا سیاسی یا خراب یا هەر وەلاتەکی کێشە وئاریشێن کۆمەلایەتی ژێ پەیدادبن ودبینە ئەگەرێ توندوتیژیا ل دژی ئافرەتێن وێ جڤاکێ.

ب- هەر وەلاتەک یان ژی کۆمەلگەهەکا تووشی کێشا بەلنگازیێ بیت وروبەرووی هەژاریێ بیت ورەوشا وی یا ئابووری لاواز بیت دێ ئاریشێن جڤاکی بۆ خەلکێ وی پەیدابن وبڤێ چەندێ بتنێ ئافرەت دێ بیتە قوربانی ودەستهەلاتێ وێ دناڤ جڤاکێ دە نامینیت وئەڤ چەندە ژی دبیتە ئەگەرێ توندوتیژیێ ل دژی ئافرەتێ.

ج- هەر جڤاکەکی ئافرەت وەکو کەرەستەیەک بکارئینای وکرین وفرۆتن ب هەستێ وێ کری وریز ل هەبوونا وێ نەگرتی ومافێ وێ پوچەلکری، توندوتیژیا ل دژی ئافرەتێ ئێک ژ ئارمانجێن وێ کۆمەلگەهێ یێن سەرەکی بوویە وئافرەت ئێشاندیە وتەپەسەر کریە و بوویە ئەگەرێ ژان وئازارێن وێ وئەڤ چەندە ژی بوویە ئەگەرێ توندوتیژیا ل دژی ئافرەتێ.

٣. پێکئینانا هەڤژینیا پێش وەخت (زواج القاصرات) وبێ دل دانا ئافرەتێ ب زۆر دناڤ هەر کۆمەلگەهەکێ دە وبتایبەت ل وەلاتێن رۆژهەلاتا ناڤەراست کارتێکرنەکا مەزن لسەر رەوشا خیزانێ بگشتی کریە وبێگومان ئەڤ چۆرێن ئاریشا دبنە خالەکا رەش دناڤ ئەوان جڤاکان دە ژبەر کو کارتێکرنەکا نەرێنی لسەر رەوشا ئافرەتێ دکەت وتوندوتیژیێ ل دژی وێ پەیدادکەت ودڤی بواری دە چەندین نمونە و سەربۆر هەنە دێ بڤی رەنگێ ل خوارێ دیار دەینە رۆنکرن:

ا- لێک تێنەگەهشتن و ئێک قبوولنەکرنا دناڤبەرا ژنێ وزەلامی دە بوویە ئەگەرێ زۆرداریا لسەر ئافرەتێ دهاتەکرن ودیسان بوویە جهێ نەئارامیا تەڤایا خیزانێ وهەر وەسا ژی بوویە ئەگەرەکی سەرەکی بۆ دروستکرنا توندوتیژیێ ل دژی ئافرەتێ.

ب- هەڤژینیا بێ دل کێشە وئاریشێن مەزن دناڤبەرا ژنێ وزەلامی دە پەیدادکەت ودبیتە ئەگەرێ ژێکڤەبوونا خیزانەکا ئێکگرتی و ئارام وبڤێ چەندێ توندوتیژی ل دژی ئافرەتێ دهێتە بکارئینان وئەو دبیتە قوربانی.

ج- دەست تێوەردانا کەسوکار و هەڤالێن خراب د ژیانا هەڤژینان دە کێشەیێن کۆمەلایەتی دروست دکەت وئەوان ژێک دووردکەت وئەڤ چەندە ژی دبیتە ئەگەرێ توندوتیژیا ل دژی ئافرەتێ.

٤. چەند رێک وچارەسەرییێن گونجای ژ بۆ نەمانا توندوتیژیێ ل دژی ئافرەتێ ل ناڤ کۆمەلگەهان دە دئەڤان خالێن ل خوارێ دیار:

ا- نەمانا نەخوەندوارییێ دناڤ کۆمەلگەهێ دە.

ب- پێکهاتنا خیزانێ ل سەر بنەمایێ لێک تێگەهشتنێ.

ج- قورتالبوون ژ هزروبیرێن جڤاکی یێن کەڤنار.

د- هەبوونا کاری وخۆشکرنا ژیارا خیزانێ ژ بۆ بەختەوەریا ئافرەتێ دناڤ کۆمەلگەهێ دە.

هـ- رێزگرتنا دناڤبەرا ژنێ وزەلامی دە ئەگەرێ نەمانا بنەماییێن توندوتیژییێە ل دژی ئافرەتێ.

و- بکارئینانا سوشیال میدیا ژلایێ ئافرەتێ ڤە ب رەنگەکی دروست و رەوا رێکگرتنە ل توشبوونا وێ بۆ شاشییێن مەزن ودوورکرنا وێیە ژ هەموو جۆرێن توندوتیژیێ ل دژی وێ.

Nask saeed، [٢٠٢١/١٢/٠٣ ٩:٣٣ AM]

ل دوماهیێ فەرە ئەم رەوشا ئافرەتا شنگالی یا کو پارچەکی گرنگە ژ گۆمەلگەهێ کوردستانی ل بەرچاڤ بگرین وئەوان ئێش و ئازارێن پشتی کارەساتا ب سەرێ خەلکێ مە هاتی ل شنگالێ ل بیر بینین وهەولێن هەبوونا توندوتیژیێ لسەر وان دوور بدەین وداخوازا ژیارەکا باش وشایستەی رەنج وزەحمەتا وان ژ لایەنێن پەیوەندیدار بکەین، ژبەر کو هەفت سالێن سەرانسەر پری خەم وکۆڤان ل ناڤ کەمپێن ئاوارەیێ دە دەربازکرن وتووشی گەلەک نەهامەت ودەردەسەریێ بووینە، لەوما فەرە ئافرەتا شنگالی ژی وەکو هەر ئافرەتەکا دی ژ جڤاکێ کوردستانی بێتە پاراستن ژ هەموو رەنگێن توندوتیژیێ وریز ل ئیرادا وێ یا بهێز ژی بێتە گرتن، هیڤیا ژیانەکا خۆش وبەختەوەر بۆ ئافرەتێن کوردستانێ بگشتی و ئافرەتا شنگالی بتایبەت دخوازین، دا کو لێک تێگەهشتنەکا مکوم لسەر ئاستێ خیزانێ دناڤ کۆمەلگەها مە یا کوردستانی دە پەیدابیت وئافرەتا کورد د کوردستانەکا ئازاد دە ب مافێ خۆ یێ ئاسای شادببیت بێی جیاوازی دگەل هەڤالێ خۆ یێ زەلام ودێ ل دوماهیێ بێژین (نا بۆ توندوتیژیا ل دژی ئافرەتێ) وبەلێ بۆ هەڤسانی ووەکهەڤیا راست ودروست دناڤ خیزانێ دە لکوردستانەکا ئازاد وئارام .

> (نا بۆ توندوتیژیا ل دژی ئافرەتێ) وبەلێ بۆ هەڤسانی ووەکهەڤیا راست ودروست دناڤ خیزانێ دە لکوردستانەکا ئازاد وئارام

## لەتاراوگەوە

ڤە زیلە شۆرش - هۆڵەندا

# توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کێشەیەکی کۆمەڵایەتیە پێش ئەوەی ببێتە کێشەیەکی تاکی

لە ساڵی ٢٠٢٠ کە کە رە نتینەی کۆرۆنا لە وڵاتانی ئە ورووپا دە ستی پێکرد، توندوتیژیش دژ بە ئافرەت نزیکەی لە سەدا دە زیادی کرد، توندوتیژی جەستەیی و دەرونی و سێکسی و ئابوری و ئیهمالکردن، هۆکارەکانی زۆرن، بە لام هە ست بە بێزاری و نەچونە دەرەوە و بێدە سەڵاتی بەرامبەر پەتای کۆرۆنا و ئاگاداری هەموو ووردەکارییەکانی ژیانی یە کتربوون وایکرد هەڵچوون بەرامبەر یەکتر زیاتر بێت و توندوتیژیشی لێی بکەوێت.

بۆ بە هانا هاتنی زۆرترین کە س دە ستیان کرد بە کە مپینەکانی هۆشیاری و زیاد کردنی هێڵی تەلەفۆنی کە رم بە خۆرایی، وە لە پاڵ ئەمەش دانانی وشەی تایبەت وە ک کۆد بە ئاگاداری دکتۆرەکان و پەرەرستیارەکان و دەرمانسازەکان، بۆئەوەی ئافرە ت بتوانێت بەئاسانی بێ ئەوەی هاوسەرەکەی ئاگاداربێت کە لە لای دکتۆر یان لە دەرمانخانە بێت ئەگەر رهاوسەرەکەی لەگە ڵیشی بێت ئە م ووشەیە بڵێ ئە و کارمە ندە گوێی لە م ووشەیە دەبێت، هە ڵدەستێ بە ئاگادارکردنی پۆلیس و حالەتێکی توندوتیژی تۆمار دەکات لە لای پۆلیس و زانیارییەکانی ئەو ئافرەتە لە دکتۆر وە یان دەرمانخانەکە وە بۆ پۆلیس رە وانە دەکرێ. پۆلیسیش دە مو دەست دە کاتە لای ئە و ئافرەتەی کە توندوتیژی بەرامبەر کراوە و دە ست دە کات بە رێکاری پاراستنی ئە م ئافرەتە و دوورخستنەوەی لەمە ترسی تە شەنەسەندنی کێشەکە.

بەداخەوە لە کوردستانیش وەک ئەم وڵاتانە توندوتیژی هەبوە و هەیە و زۆریش بووە، هیوادارین بەرەنگاربوونە ی تە نها ١٦ رۆژەکە ی هە ڵمە تی بەرەنگاربوونە وەی توندوتیژی نەبێت بە ڵکو بەردەوام بێت چونکە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کێشەیەکی کۆمەڵایەتیە پێش ئەوەی ببێتە کێشەیەکی تاکی.

هەولێر ژمارە (٣٥٧٧) ٢٠٢١/١٢/٦

# هۆشیاری ئافرەتان لەسەر یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی

پرسی ئافرەت پرسێکی جیهانییە و توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان کێشەیەکی قوڵەو لە هەموو جیهان و کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بوونی هەیە و ڕەنگی داوەتەوە، لە هەرێمی کوردستانیش بەدەر نیە لەو کێشەو گرفتەی کەڕووبەڕووی ئافرەتانمان دەبێتەوە بەڵام بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان،ڕێوشوێنی یاسایی و کارگێڕی پێویست بۆ ئەو مەبەستە گیراوەتەبەر. حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٥ی نۆڤەمبەر ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان بە فەرمی ناساندووە و چالاکی و مەراسیمی تایبەتی بۆ ڕێکدەخات.

سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان لێدوانمان لە پارێزەر ( هەورین خدر ئیسماعیل) وەرگرت بەم شێوەیە بۆمان هاتە دوان:

ئێمە یاساکمان هەیە کە یاسای بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی خێزانیە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١، کە لە دە (١٠) مادده پێکهاتووە، یەکێکە لەو یاسایانەی کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ سنووردار کردنی دیاردەی توندوتیژی خێزانی لە نێو کۆمەڵگەدا دەری کردووە، ئەو توندوتیژییەی کە لە لایەن تاکە کەسێکەوە دەرهەق بە کەسێکی تر کە پەیوەندییەکی خێزانی دەیانبەستێتەوە، وەک پەیوەندی هاوسەرێتی یاخود خزمایەتی تاوەکو پلە چوار یاخود ئەو کەسەی بەپێی یاسا خراوەتە پاڵ خێزانەکەی ئەنجام دەدرێت.

کە لە (ماددەی دووەم ) باسی توندوتیژی خێزانی کراوە کە پەیوەستە بە هەرکەسێک کە وابەستەی پەیوەندی خێزانی بێت توندوتیژی لە چوارچێوەی خێزان لێی قەدەغە دەکرێت لەوانەش توندوتیژی (جەستەیی و سێکسی و دەرونی).. کۆمەڵێک لەم کردارانەش لای خوارەوە وەک نمونە بە توندوتیژی خێزانی دادەنرێت: (زۆر لێکردن لە هاوسەرگیری، هاوسەرگیری ژن بە ژنو بە شوودانی بچووک، بەشوودان لە بری خوێن، تەڵاقدانی بە زۆر، بڕینی پەیوەندی خزمایەتی، زۆر لێکردنی مێرد لە ژنەکەی لەسەر لەشفرۆشیو داوێن پیسی کردنە پیشە، خەتەنەکردنی مێینە، ناچارکردنی تاکەکانی خێزان لەسەر وازهێنان لە فەرمانبەریەتی یان کار بەبێ ڕەزامەندی خۆیان، ناچارکردنی منداڵان لەسەر کارکردن و سواڵ کردنو وازهێنان لە خوێندن، خۆکوشتن بەکاریگەری توندوتیژی خێزانی، لەبار بردن بەکاریگەری توندوتیژی خێزانی....هتد) هەروەها لە مادەی (٥-٦-٧) سزاکان دیاری کراون، واتە هەرکەسێ کردەوەی توندوتیژی ئەنجام بدات بەپێی ئەم مادانە سزا دەدرێت.

**لە پرسیاری ئەوەی کە ئایا ئافرەتان کاتێک ڕووبەڕووی توندو تیژی دەبنەوە چۆن داوای یاسایی تۆمار بکەن ؟ وە چ هاوکاریەکیان پێشکەش دەکرێت و ڕۆڵی بەڕیوبەرایەتیەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزانی چیە لەو حاڵەتەدا ؟**

لە وەڵامدا ووتی :

بە ڕاستی ئافرەتان زانیاریان زۆر کەمە لەو بارەوە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە بەشێکی زۆری ئافرەتان ترسیان هەیە و دەڵێن ناوێرین بێن بۆ دادگا داوا تۆماربکەم و کێشەکەم گەورەتر دەبێت . بەڵام لە راستیدا لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی توندوتیژی و دادگا ئاسانکاریەکی زۆریان بۆ دەکرێت، هەوڵ دەدرێت بە نهێنی کێشەکەی بۆ چارەسەر بکرێت، چونکە لەسەر داوای ئافرەتەکە پەڕاو دەکرێتەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەی.

سەرەتا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی خێزان و ئافرەتان دەکات،لەوێ سکاڵای خۆی تۆمار دەکات بەرامبەر ئەو کەسەی توندوتیژی بەرامبەر ئەنجام داوە، هەر لە بەڕێوەبەرایەتیەکە هاوکاریەکی زۆر دەکرێت پێش ئەوەی داواکەی بچێتە مەحکەمە، کە ئەمە قۆناغێکی زۆر گرینگە بەپێی جۆری توندوتیژیەکە هاوکاری پێشکەش بە ئافرەتەکە دەکرێت. زۆربەی کات کێشەکان لە ناو بەڕێوەبەرایەتی چارەسەر دەکرێن،بەلام لە ئەگەری چارەسەر نەبوونی کەیسەکە ڕەوانەی دادگا دەکرێت بۆ لێکۆلینەوە .

> پێویستە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا فراوانتر بکرێت و ڕۆڵ و پێگە و گرنگی ئافرەت نیشان بدرێت لە پەروەردەکردنی خێزان و کۆمەڵگا،چونکە ئافرەت سمبولی جوانی و میهرەبانیە

**لە ژێر ڕۆشنای ئەم بابەتە چەند دیمانەکمان ئەنجامداوە لەگەڵ ئافرەتێکی قوربانی دەستی توندوتیژی خێزانی کە ڕووبەڕووی بۆتەوە هەر تەمەنی هەرزەکاریەوە :**

(ر . ع . ک )، ناوی ئافرەتێکی قوربانی توندوتیژی خێزانیە تەمەنی ٢٣ ساڵە لە ڕانیە دەژی، یەکێکە لە قوربانیانی دەستی هاوسەرەکەی و خاوەنی منداڵێکە، لە تەمەنێکی بچووکدا هاوسەرگیری کردوە باسی لەوە کرد ووتی : زۆر حەزم بە خوێندن بوو بەڵام لە لایەن باوکمەوە ڕێگەم پێنەدرا درێژە بە خوێندن بدەم بۆیە بە ناچاری وازم لە خوێندن هێنا لە تەمەنی ١٧ ساڵی بۆ ڕزگاربوونم لە دەستی باوکم هاوسەرگیریم ئەنجامدا، بەڵام نەمزانی ژیانێکی تاڵم دەبێت و خۆزگەم بە ماڵی باوکم دەخواست،لەگەڵ ماڵی خەسوو خەزوورم دەژیام و منیان کرد بە خزمەتکاری خۆیان دواتر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیانم ناخۆشتر بوو هاوسەرەکەم خراپتر بوو خیانەت زەوجی بەرامبەرم کرد و قسە و جنێوو سوکایەتی پێکردنی دنیای پێکردم جگە لەوە لێدان و ئەشکەنجە دانیشی کرد بە پیشەی، بۆیە بە ناچاری ماڵەکەیانم جێهێشت و ڕۆشتمەوە بۆ ماڵی باوکم، باوکم دەری کردم ووتی دەبێ قبوڵی بکەی و بچیتەوە ماڵی مێردت، بۆیە چووم بۆ ماڵی مامم لەوێ ووتم لێی جیادەبمەوە تاکو ئەمڕۆش کێشەکەم هەر وا ماوەتەوە چاوەڕێم باوکم و مامم ڕەزامەندی دەر ببڕن لەسەر جیابوونەوەم لێی، منداڵەکەشیان داواکرد و پێم دانەوە چونکە کەس قبوڵی نە دەکردم لە ماڵی بمێنمەوە،بۆیە داواکارم لەم ووڵاتە زیاتر قەدری ئافرەت بگیرێت و ئەوانەی توندوتیژی ئەنجام دەدەن سزای یاسایی خۆیان وەربگرن.

**چی بکرێت بۆ ئەوەی کردەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بنبڕ بکرێت؟**

لە کۆتاییدا پێویستە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا فراوانتر بکرێت و ڕۆڵ و پێگە و گرنگی ئافرەت نیشان بدرێت لە پەروەردەکردنی خێزان و کۆمەڵگا،چونکە ئافرەت سمبولی جوانی و میهرەبانیە پێویستە ئەوپەڕی ڕێز و بەهاو مافی خۆی پێ بدرێت،هاوکاری زیاتری ئافرەت بکرێت و لەلایەن بەرێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان، لە رووبەروبوونەوەی کێشەکان و هەروەها وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بۆ دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی، ژمارەیەک فەرمانگەو ڕێکخراو و مامۆستای زانکۆ و مامۆستای ئاینی و چالاکوانانی مەدەنی و نوسینگەکانی سەر بەرێوەبەرایەتیەکانی توندوتیژی و گرنگی پێگەی ئافرەت زیاتر نیشان بدەن، هەروەها سزای توندی ئەکەسانە بدەن لە ڕووی ئاساییەوە کە توندوتیژی ئەنجام دەدەن.

ڕێژین قاسم محمود

## لە هێلینەوە

– بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت و خێزان، ئاماری توندوتیژییەکانی ١٠ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ی هەرێمی کوردستانی بەم شێوەیە بڵاو کردەوە: کوشتن (١٨)،خۆکوشتن (٥١) خۆسووتاندن (٦٥) توندوتیژی و گێچەڵی سێکسی (١٢٥) و ئەو ئافرەتانەی سکاڵایان کردووە (١١١٦٥) کەس بوون.

–" ماگدالنا ئیندرسون"سەرۆکی حیزبی سوشیال دیموکراتی وڵاتی "سوید" دوای چەند ڕۆژ دەست لە کارکێشانەوەی وەک سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە کە بە هۆی ناکۆکییە سیاسییەکانەوە بوو،جارێکی تر بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان ئەو پۆستەی وەرگرتەوە و ئەمەش لە مێژووی وڵاتی "سوید" یەکەم جارە ئافرەتێک ئەو پۆستە وەربگرێت.

– ڕۆژی ٢٥ نۆڤەمبەر لە "مادرید"ی پایتەختی "ئیسپانیا" بە هەزاران ئافرەت بە دروشمی جیاواز کە گوزارشتیان لە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت دەکرد ڕژانە سەر شەقام و داوایان لە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە کرد سنوورێک بۆ ئەو توندوتیژیانە دابنرێت.

– لە وڵاتی "فەرەنسا" و لە شاری "پاریس " شارەوانی ناوچەی ١٨ ئەو شارە لە مەراسیمێکدا پەردەی لە سەر ناوی فلکەیەک لادا بە نێوی"ڕێزنواندن بۆ ئافرەتانی قوربانی توندوتیژی ".کریستین لونواس "ئەندامی یەکێتی نەتەوەیی خێزانی قوربانیانی توندوتیژی کە لەو مەراسیمەدا بەشداری کردبوو رایگەیاند: هەست بە هیوایەکی زۆر دەکەم کە لەمەودوا گفتوگۆکردن لە بارەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان بۆ شوێنە گشتییەکان دەگوازرێتەوە .

–" جێسی بێرنارد" کۆمەڵناسی ئەمەریکی و نووسەری کتێبی "دونیای ئافرەتان" زۆر بە جوانی و راشکاوانە باس لەو جیاوازییانە دەکات کە لە هەر دوو ڕەگەز دا هەیە و باس لەوە دەکات کە مرۆڤ وای کردووە دوو دونیای جیاواز هەبێت، دونیای پیاوان و دونیای ئافرەتان، لە دونیای ئافرەتاندا کۆمەڵێک سنوور هەیە کە لە دونیای پیاواندا بەدی ناکرێت، زۆر شت هەیە لە دونیای ئافرەتاندا بە عەیبە و حەرامکراو دەزانرێت، بەڵام بۆ پیاوان بەم شێوەیە نییە، ئافرەت لە دونیای ژنانەی خۆیدا ڕووبەڕووی چەندین پرسیاری بێ وەڵام دەبێتەوە، ئەگەریش بە دوای وەڵامەکاندا بگەڕێت، لەوانەیە ڕووبەڕووی توندوتیژی بێتەوە، بەڵام پیاو بۆ هەر پرسیارێک وەڵامێکی پێیە، وا پێدەچێت دوو دونیا بە دوو بۆچوونی جیاواز دروست بووە، کە هەر کامەیان بە تێروانینێکی جیاواز لە یەکتر دەڕوانن.

ئا:نەسرین حەسەن



ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org

شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org